ئەنجومەنی کۆمیسیاران: ئامێرەکانی ژماردن تێکچون و بە دەست دەنگەکان جیا دەکەینەوە

ئەنجومەنی کۆمیسیارانی عێراق رایگەیاند؛ بەهۆی ئەوەی ئامێرەکانی ژماردنی دەنگەکان کێشەیان تێدایە، بەشێك لە سندوقەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەنتەری وردبینی و بە دەست دەژمێردرێن.

ئەنجومەنی کۆمیسیارانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند؛ بەپێی یاسای ژمارە 4ـی ساڵی 2023، گەر تا شەش کاتژمێر ئەنجامی دەنگەکان نەنێردرێن، ئەوا سندوقەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەنتەری وردبینی و بە دەست دەژمێردرێن.

ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە کە تا ئێستا دەنگەکان لە بەشێکی بنکەکان نەنێردراون و هۆکارەکەیشی دەگەڕێنرێتەوە بۆ کێشەی هونەری لە ئامێرەکاندا و دەڵێت: لەلایەن کۆمپانیا کڕییەکەوە ئاگادارکردنەوەمان بۆ هاتوە.

ئەوەش ئاشکرا کراوە کە دەست دەکەن بە گواستنەوەی سندوقەکانی دەنگدان بەپێی

پارەزگاکان بە سەنتەری وردبینی کۆمیسیۆن و جیاکردنەوەی دەستییان بە دەکرێت و دواتریش ئەنجامەکان دەنێردرێن بە پێداچونکردن و وەرگرتن.